له دونیادا وەکو کەسێکی نامۆ یان ڕێبوار بە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- شانەکانمی گرت وفەرمووی: «لە دونیادا وەکو کەسێکی نامۆ یان ڕێبوار بە». وئیبن عومەر دەیووت: «ئەگەر ئێوارەت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی بەیانی مەکە، وئەگەر بەیانیت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی ئێوارە مەکە، وئەوەندە کردەوەی چاک بکە لە کاتی لەش ساغیتدا بۆ ئەوەی سوودی بۆت هەبێت بۆ کاتی نەخۆش بوونت، وئەوەندە کردەوەی چاک بکە لە کاتی ژیانتدا بۆ ئەوەی سوودی بۆت هەبێت بۆ کاتی مردنت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەری شانەکانی گرت وپێی فەرموو: لە دونیا وەکو نامۆ بە، کە دێت بۆ وڵاتێك کە ماڵی نییە تێیدا بمێنێتەوە، وکەس نییە هاوەڵی بێت، ودووڕە لە خێزان ومنداڵ وکەسوکاری؛ کە هۆکارن بۆ سەرقاڵبوون ونزیك نەبوونەوە لە اللە وەکو پێویست، بەڵکو لە نامۆ زیاتر بە ئەویش بریتیە لە ڕێبوار کە بە ڕێگایەکدا تێدەپەڕێت بۆئەوەی بگاتە نیشتمانەکەی؛ چونکە کەسی نامۆ -بیانی- لەوەیە لە وڵاتێکی بیانی بژی وتێیدا بمێنێتەوە، بەپێچەوانەی ڕێبوار کە دەیەوێت بگاتە وڵاتەکەی، بۆیە شتومەکی کەمی پێیە وناوەستێت، چونکە بەپەرۆشە لەسەر زوو گەیشتن بە وڵاتەکەی، هەروەکو چۆن گەشتیار پێویستی بە شتومەکی زیاتر نییە لەوەی گەشتەکەی پێ تەواو دەکات، بەهەمان شێوە ئیماندار لە دونیادا پێویستی بە شتی زیاتر نییە لەوەی دەیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. ئیبن عومەر کردەوەی بەم ئامۆژگاریە کرد ودەیووت: ئەگەر بەیانیت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی ئێوارە مەکە، وئەگەر ئێوارەت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی بەیانی مەکە، وخۆت بە یەکێك لەو خەڵکانە دابنێ کە لە نێو گۆڕەکاندان، چونکە لە ژیاندا تەندروست باشی ونەخۆشی هەیە؛ بۆیە لە کاتی تەندروست باشیدا پەرستن ئەنجام بدە بۆ کاتی نەخۆشیت، وکردەوە چاکەکان ئەنجام بدە لەکاتی لەش ساغیتدا پێش ئەوەی نەخۆشی بێتە نێوان تۆ وکردەوە چاکەکان، وژیانی دونیا بەهەل بزانە، وئەوەی تێدا کۆ بکەرەوە کە سوودی بۆت دەبێت لەپاش مردنت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4704